KURDISTAN



# ڕاخوشینی ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەب

## مامۆستا مەلا محەممەد شڵماشی

## ئەدیب و زانای بەناوبانگی ئاینی و نوسەر و وەرگێڕ

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- پرسەو هاوخەمی ئازیزێکی زۆر خۆشەویست................................................ مەلا ڕەسووڵ پێشنماز ..... ٣

٢- کۆچی دوایی زانا و مەزنە پیاوی گەلەکەمان حاجی مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی...... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ٧

٣- مەلا محەممەد شەڵماشی کۆچی دواییکرد............................................................ کاوە ئەمین ..... ١١

٤- کۆچی دوای ماموستا مەلا محمد شلماشی........................................................ عەبدوڵڵا کەریمی ..... ١٦

٥- کۆچیدوایی، زانای ئایینی و نووسەری دیاری کورد، ماموستا مەلا محەممەد شلماشی.......... شۆڕش ئەسەدزادە ..... ١٨

٦- بێگومان ناو و ئاسەوارەکانی ماموستا لە هزری گەلەکەیدا تا هەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە..... تاهیر قاسمی ..... ١٩

٧- ڕاخوشینی ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەب........................................ ڕەحمان حەسەنزادە ..... ٢١

٨- ڕۆحی ماموستا مەلامحەممەدی شەڵماشی شاد و یادی هەرمان................................. ئەحمەد شێربەگی ..... ٢٣

٩- کۆچی دوایی ماموستایەکی نشتیمانپەوەر و خۆشەویست............................................ مەجید حەقی ..... ٢٥

١٠- ماموستا مەلا موحەممەد شەڵماشی کۆچی دواییکرد......................................... کاروان عبدالله ..... ٣٠

١١- کۆچی دوایی ڕووحانییەکی نیشتمانپەروەر.................................................. کوردستان میدیا ..... ٣١



## پرسەو هاوخەمی ئازیزێکی زۆر خۆشەویست.



**مەلا ڕەسووڵ پێشنماز**

گەورە زانای ئاینی و کۆمەڵایەتی و شاعیرو نوسەرو وەرگێری بەتوانای کورد مامۆستا مەلا محەمەدی شڵماشی بەداخەوە فەوتی کرد. پەژارەی بۆ هەموو کەسەکانی و دۆستان و ئازیزانی بەجێ هێشت، گیان بەخت کردوو لە بنەماڵەیەکی ئاینی ونیشتمان پەروەری کوردستاندا چاوی بەژین هەڵێنابوو، لە گوندی بەناوبانگی شڵماشدا لەگەڵ شەهیدی سەر بەرز براچکۆلەکەی کاکە مەلا احمد ناسراو بە ئاوارە پێشمەرگەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرەتا لەلای باوکی ڕەحمەتیان مامۆستا مەلا محمد ئەمین دەستیان کرد بە خوێندنی ئاینی ئیسلام و هەردوکیان نمونەی فەقێ زیرەکەکانی کوردستان بوون ڕووحی نیشتمان پەروەری و ڕزگاری وڵاتە داگیر کراوەکەیان لە جەستە و دەمارەکانیان دابوو. هەر بۆیەش لە سەرەتای هەڵگیرسانی شۆرشی مەزنی ئەیلولەوە شەهید مەلا ئەحمەد ناسراو بە مەلا ئاوارە ڕووی دە باشووری کوردستان

کرد و لە ناوچەی ماوەتان لای مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکرات گیرسایەوەو لە یەکەم دەوری کادری سیاسی و نیزامی دا بەشداری کرد ناو ناوبانگی بڵاو بۆوە و بوو بە کەسێکی زۆر خۆشەویست لای تێکۆشەرانی باشووری کوردستان و هەتا ڕۆژی شەهید بوونی بە قەڵەم وبە هۆنراوە پڕ پێزەکانی و بە چەک لە هەر دووبەشی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵات دا لە خزمەت بە جوتیاران وهەژارانی کوردستاندا هەدادانی نەبوو لەهەردوو بەشیشدا بوو بە جێگای متمانەو ڕێزلێنانی تێکرای عالەمەکە.



نەمر مامۆستا مەلا محەمەدیش لەگەڵ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی یەکجار زۆری هەبوو باری پەروەردەی ئاینی و مزگەوتو حوجرەی بە ئەستۆوە گرت ولەگەڵ ئیمام وپێش نوێژیەکانی زۆرەها شاگرد و فەقێ لەژێر دەستیدا پەروەردە بوون و ئەوەندەی خزمەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد هەتا ئێستا جگە لە هۆنراوەو مقالەکانی ئاینی زیاتر لە ٣٠ کتێبی چاپ کراوی هەیە، مامۆستا هێندە لەناو کۆمەلانی خەڵک دا ڕێزوو خۆشەویستی هەبوو تەنانەت بەشی زۆری مەلاکانی کوردستانیش بەردەوام لە خزمەتی دابوون، مامۆستا هێندە ڕووحی کۆمەلایەتی بەهێز بوو لە هەر کۆڕوو کۆبونەوەیەکدابا بە نوکتەو قسە خۆشەکانی دانیشتنەکانی دەڕازاندەوە یەکجار زۆر ئینسانێکی پێشکەوتوو بوو لەگەڵ هەموو جورە کەسانێک دەسازا ئەگەر زانیبای ئەو کەسە گوێ بە بڕیارەکانی ئاینی ئیسلامیش نادا و بۆخۆشی لە ڕادەبەدەر پێ بەند بوو بە

قانونەکانی ئاینی ئیسلامەوە.

ئەو کاتەی کە لە باشووری کوردستانرا جوڵانەوەی سالی ١٩٦٧ و ١٩٦٨ یان بەسەر ئێمەدا سەپاند شەهید مەلا ئاوارە بەرپرسی ناوەندی جوڵانەوەکە بوو لە مەڵبەندی سەردەشت و بانە. مامۆستا مەلا محەمەدیش ئیمام جومعە و خەتیبی مزگەوتی گەورەی شاری سەردەشت بوو. ڕژیمی گۆڕ کراوی حەمە ڕەزا شا هەرچەندی لەتوانایدا بوو تینی بۆ مامۆستا و کاک مەلا عەبدللە حەسەنزادە هێنا. داوای لێ دەکردن لەڕێگای وانەوە دزە بکەنە ناو جوڵانەکەوە یان هەوڵ بدەن شەهید مەلا ئاوارە خۆی ڕادەست کاتەوە کاک مەلا عەبدللە بەهۆی ئەوەی کە لە دەورانی خوێندنی فەقێیایەتیدا نزیکترین هاوڕێی بووەو مامۆستاش دیارە کە برا گەورەی بوو، بەڵام هەردوکیان لەگەڵ هەموو ئەزیەت و ئازارێکی کە لێیان کرا خۆڕاگریان کرد، پاش ماوەیەک بەهەزار نەگبەتی و ترسوو خۆفەوە خۆیان ڕزگار کردوو هاتن بۆ باشووری کوردستان ، مامۆستا لەشاری هەڵەمت وقوربانی سلێمانی گیرسایەوەو لە ڕێگای نەمران جەنابی مام جەلال و خەتیبی سلێمانی و مەلاکانەوە ڕێزێکی




زۆری لێ گیراو بوو بە خەتیب و پێش نوێژ. پاش ماوەیەک کاک مستەفای برا چکۆڵەیان لەگەڵ ئەوەی زۆر گەنج بوو لەژێر زەخت وزۆری سازمانی ئەمنیەت هەڵات و لەشاری قەڵادزە هات بۆ ماڵی ئێمە کە ئەو کاتە لەو ناوە من بەرپرسی حزب بووم، دوای چەند ڕۆژێک گەیاندمە شاری سلێمانی ماڵێ کاکی ئەویش زۆر بە دڵسۆزی و ئەمەگ ناسیەوە دەوری باوکایەتی و برا گەورایەتی ڕەچاو کردو ئەزمونی ژیان و خوێندن و باری کۆمەڵایەتی لە ڕێنوێنیەکانی مامۆستاڕا سەرچاوە دەگرێ کە زۆر زوو خۆی پێ گەیاند و بوو بە کەسێکی سیاسی وناو بە دەرەوەو لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بەرپرسیایەتی گرنگ

وبەرچاوی بەڕێوە بردن. مامۆستا مەلا عەبدوللاش بە سەڵتی وبەبێ ماڵ ومنداڵ هاتە گوندی مارەدوو لەژێر چاوەدێری کوێخا قادری مەنگوورو ڕێنوێنیەکانی حیزبی دێموکرات و جوامێریەکانی شەهید حەسۆ میرخاندا پەنا درا بۆ ماوەیەک بوو بە مەلای گوندی مارەدوو. بۆ ڕوون بوونەوە ئەوکات کە ئەوان هاتن حاڵ و وەزعی ئێمە بەدەست بەشی پاراستن و سازمانی ئەمنیەتەوە لەخوار سفر بوو، ئەگەر زانرابا کەسانی سەر بە حیزبی دێموکرات هاتوون یان دەگیران یان تەحویل دەدرانەوە.

مامۆستا مەلا محمد لەشاری سلێمانی و لە باشووری کوردستان زۆر زوو بوو بە خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و حیزبەکان و کاربەدەستانی حکومەتی ئێراقیش ڕێزیان لێ دەگرت، ماڵەکەشی بوو بە مەکۆی ئەندامانی حیزب و کەسایەتیە سیاسیەکان، من وشەهید مەلا ئاوارە لە ساڵی ١٩٦٣وە یەکترمان لەڕێگای سیاسیەوە ناسیوە بە شێوەیەک هۆگری یەک بوین و یەکترمان خۆش ویستوە کە سنوور لە نێوانماندا نەبوە، لەسەردەمی کومیتەی ساغ کەرەوەش هەر وێکڕا بووین و وێنەیەکی کە لەسەرەتای کومیتەی ساغ کەرەوە لە شاری قەڵادزەو لە چاخانەی سەید وەسیم گرتومانە بەروارەکەی ئاخری ساڵی ١٩٦٣یە کە لەکتێبەکەشم سەربردەی ژیانم هەیەو لای من پارێزراوە. مامۆستا مەلا محمد ڕاستەوخۆ قەد بەشداری کاری تەشکیلاتی لەگەڵ ئێمە نەکرد بەڵام بۆ هەموو پشتیوانی ودیفاع لە حیزبی دێموکرات لە ئەندامە هەڵسووراوەکان دڵسۆزتر بوو. لە باشووری کوردستانیش لەگەڵ بەشی زۆری پیاوە ناودارەکانی کوردستان ڕابیتەو تێکەڵاوی بەردەوامی هەبوو، نەمانی مامۆستا مەلا محەممەدی زاناو پایە بەرز خەسارێک بوو بۆ گەلی کوردو شاری ڕۆشەنبیری سلێمانی وکەس وکاری.

**من بیرەوەری یەکجار زۆرم لەگەڵ مامۆستادا هەیە بەڵام لێرەدا بە پێویستی نازانم ئیشارەیان پێ بکەم.**

لە کۆتاییدا هاوخەمی خۆم بەرانبەر بە تێکرای کەس وکارو کاکە مستەفای خۆشەویست وحاجی خانمی هاوسەری و جگەر گۆشەکانی کاکە سەلاح و کەماڵ و جەماڵ و جەلال و کیژەکەی ڕادەگەیەنم وخۆم بە شەریکی ئەو غەمە قورسەیان دەزانم بە تایبەتی مامۆستا مەلا مەجیدی ئیمام جومعەی مزگەوتی سەرچناری سلێمانی کە بەردەوام هاو دەم وهاو سەفەری بوو.

**هیواش دەخوازم ڕوحە پاکەکەی مامۆستا خوا بە بەهەشتی بەرینی شاد بکا.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## کۆچی دوایی زانا و مەزنەپیاوی گەلەکەمان حاجی مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی



زانای ئایینی و ئەدیبی کورد حاجی مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە بەرەبەیانی ڕۆژی ٥ - ١٢ - ٢٠٢٤ ی زائینی حاجی مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی، گەورە زانای نیشتمانپەروەری ئایینی و کۆمەڵایەتی، ئەدیب و شاعیر و نووسەر و بیرمەندی کورد، بە هۆی نەخۆشی و بە ساڵاچوویی لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا لە شاری سولێمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی هەواری شاری سولێمانی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپێردرا.

مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی ساڵی ١٩٣٢ی زائینی لە بنەماڵەیێکی خۆشناو و زانای ئایینی لە گوندی شەڵماش لە ناوچەی سەردەشت لە دایکبوو و هەر لە هەرەتی منداڵیەوە دا دەنێردرێتە بەر خوێندنی ئایینی و دواتر وەک فەقێ لە



سەرچاوە Serchawe

**مامۆستا مەلا محمد شڵماشی**

چەندین شوێنی دوور و نێزیک درێژە بە خوێندن دەدا. مامۆستا لە ماوەی خوێندنی دا زیاتر لە پێشوو ئاشنایەتی لەگەڵ مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و دەرد و ڕەنج و ئازارەکانی گەلەکەی پەیدا دەکا و وەک مرۆڤێکی خەمخۆر، ڕاستگۆ، بەوپەڕی دڵسۆزییە لە حوجرە و مزگەوتەکانی کوردستان خزمەتی ئایینی و کۆمەڵایەتی بە نەتەوەکەی دەکا.

مامۆستا بۆ کار و بۆ گووتنەوەی وانە و دەرسە ئایینیەکان گوند و بازێر و ناوچە دوور و نێزیکەکان گەڕاوە و بە دڵەوە هەوڵی پێگەیاندن و خزمەتکردنی کۆمەڵگای لە بواری ئایینی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئەدەبییەوە داوە.

بە هۆی ئەوە کە دەوڵەتی شای ئێران گەورە تێکۆشەری کورد "مامۆستا مەلا ئاوارە شەڵماشی" برای مامۆستا مەلا محەممەد بە ناحەق و ناڕەوا تەنیا بە هۆی کوردبوون و ئازادیخوازی گوللەباران و ئێعدام دەکا، مامۆستا مەلا محەممەد بە ناچار، زێدی لە دایکبوونی خۆی بەرەو شاری سولێمانی بە جێ دێڵێ و بە چەند سەر خێزانەوە شاری سولێمانی دەکاتە، شوێنی ژیانی بنەماڵەکەی و چەند دەیە بە سەربەرزی و بە سەخاوەتەوە لە سولێمانی ژیانی بەسەر برد و دواتر ماڵەکەی کردە شوێنی حەسانەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە ڕوویان لە سولێمانی و لەم دەڤەرە دەکرد.

مامۆستا مەلا محەممەد هەر لەو مەڵبەندە زیاتر پەرە بە خوێندن و عیلم و زانستی ئایینی خۆی دەدا و زۆر زوو بە هۆی زانایی و شارەزایی لە زۆر بواری ئەدەبی و ئایینی و کۆمەڵایەتی دا وەک گەورە مامۆستایەک دەبێتە جێگەی متمانەی خەڵکی سولێمانی و ناوچەکانی شارباژێر و دۆڵی جافایەتی و بیتوێن و پشدەر و و زۆر شوێنی دیکە.

مامۆستا وەک کەسایەتیەکی دیار و خۆشناو وێڕای خزمەتەکانی ڕۆژانەی بە خەڵک و ناسیاوانی، هاوکات لە نووسین و وەرگێڕان و هونینەوەی شێعر غافڵ نەبووە و لەو پەیوەندیەدا ٣٦ کتێبی وەک نووسین و وەرگێڕان هەن کە دیارترین کتێبەکانی بریتین لە:

(وەرگێڕانی ڕۆمانی بێنەوایان،
دیمەنی مەرگ،
وتاری ڕەمەزان،
خەرمان لۆغە،
کۆڕی ئامۆژگاری،
شەرحی سەبعەی موعەلەقە،
سەوزە و میوەی شیفا بەخش،



سەرچاوە Serchawe

**مامۆستا مەلا محمد شڵماشی**

**هەگبەی شەڵماشی،**
**داستانەکانی قورئان،**
**با سەر لە نوێ پێغەمبەر بناسین).**

مامۆستا شەڵماشی جیا لە کاری ئایینی و کۆمەڵایەتی، وەک مرۆڤێکی دەرەوەست هەمیشە یار و هاوڕێی تا سەری شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بە تایبەت حیزبی دێموکرات بووە، لە ئامێزی خۆی و بنەماڵەدا توانیبووی شەهید مەلا ئاوارە و کاک مستەفا شەڵماشی وەک دوو تێکۆشەری دیاری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات پەروەردە بکات و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی فێری نیشتمانپەروەری و وانەی کوردایەتی بکا. لە ماوەی ژیانی دا لەگەڵ کۆمەڵێک سەرکردە و شاعێر و نووسەر و مامۆستا و کەسایەتیی دیاری کورد هەستان و دانیشتنی هەبووە و لە نزیکەوە لە سەر زۆر پرسی گرینگ بیروڕایان گۆڕیوەتەوە و لە کاتی پێویست و لە قۆناخە هەستیار و گرینگەکاندا لە تەنیشت گەورە ڕێبەرانی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانی دا زۆر خەمخۆرانە و دڵسۆزانە هانی ڕێبەرانی حیزبەکانی داوە کە یەکریز و یەکگرتوو بن و ڕێگە چارەی بۆ گرفتەکانیان دەست نیشان کردووە.

مامۆستا مەلا محەممەد زانایی و تواناکانی خۆی بۆ خزمەتکردن بە گەل و نیشتمان تەرخان کرد بوو، بە سەدان و بگرە بە هەزاران فوتابی فێری وانەی ئایینی و خۆشەویستی بە نیشتمان و نەتەوەکەی کردووە و هاوکات لە ئاست زمانی کوردی دا لە کەسە دیار و زاناکانی ئەم بوارەش بووە ، بە هۆی شارەزایی بە سەر زمانەکانی کوردی، فارسی و عەرەبی و تەنانەت تا ڕادەیەک تورکیش دا هەوڵی داوە لە کتێبخانەکان دا لە کتێبە بە نرخەکان دا بگەڕێ بۆ ئەوەی بتوانێ کەم و کوری و هەڵەکانی کتێبەکان لە بواری مێژوویی و ئەدەبی و ئایینی دا ڕاست بکاتەوە، لەو پەیوەندییە دا توانیویەتی کە بە نووسین و وەرگێرانەکانی ببێتە چاوگە و سەرچاوەی باوەڕ پێکراو بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەش.

مامۆستا بە هۆی قۆناخەکانی شەڕ و کێشە و کەشی نالەباری سولێمانی و باشووری کوردستان بە ناچار ڕێگەی غوربەت و تاراوگە دەگرێتە بەر و لەگەڵ خاو و خێزان و بنەماڵەکەی لە وڵاتی فینلاند دەست بە ژیانێکی نوێ دەکەن.

مامۆستا مەلا محەممەد لە وڵاتی فینلاندیش دەست لە سەر دەست دانانێ و خەریکی نووسین و وەرگێڕان دەبێ، دوای ساڵانێک ژیان لە غوربەت و تاراوگە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا جارێکی دیکە دەگەڕیتەوە شاری سولێمانی و بە گشتی دوا ساڵەکانی ژیانی بۆ خزمەتکردن بە نیشتمان و نەتەوەکەی تەرخان دەکاتەوە و وەک هەمیشە لە نێو دەریای خۆشەویستی خەڵک دا خەریکی گوتنەوەی وانە و زانستی ئایینی دەبێ.

## ڕاخوشینی ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەب

### مامۆستا مەلا محمد شڵماشی

مخابن مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی بە هۆی ناسازی و نەخۆشی و بە ساڵاچوویی کۆچی دوایی کرد و بە ماڵئاوایی کردن لە ژیان، هەموو ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دەیانناسی تووشی خەم و پەژارە کرد.


بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا محەممەد شەڵماشی لە ناخی دڵمانەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی مامۆستا لە کچ و کوڕ و نەوەکانی، لە برا و هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا شەڵماشی و گشت خزمان و ئاشنایان و خەڵکی گوندی شەڵماش و شاری سەردەشت و سولێمانی لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات و بە تایبەت فینلاند دەکەین و خۆمان بە هاوخەمی ئەو کۆستە گەورەیە دەزانین.

ڕووح و ڕەوانی شاد

حەمەڕەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - ڕێکەوتی: ٥ - ١٢ - ٢٠٢٤ی زائینی

## مەلا محەممەد شەڵماشی کۆچی دواییکرد



**مەلا محەممەد شەڵماشی، نووسەر، کەسایەتی و زانای ئایینیی کورد لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا کۆچی دواییکرد.**

مەلا محەممەدی شەڵماشی لە ڕێگەی وەرگێڕانی کتێبە بەنێوبانگەکەی ڤیکتۆر هیگۆ بەناوی بێ نەوایان وەکو وەرگێڕێک ناوبانگی دەرکرد، هەروەها پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نووسەران و شاعیران بەتایبەتیش مامۆستا هێمن و هەژاردا هەبووە.

**کاوە ئەمین**

**ڕووداو چوار بەرنامەی پەنجەمۆری لەگەڵ ئەو زانا و کەسایەتییە تۆمارکردووە. لێرەوە بیانبینین:**

**بەشی یەکەمی بەرنامەی پەنجەمۆر**

**بەشی دووەمی بەرنامەی پەنجەمۆر**

**بەشی سێیەمی بەرنامەی پەنجەمۆر**

بەشی چوارەمی بەرنامەی پەنجەمۆر

مەلا محەممەدی شەڵماشی – بەشی یەکەم

٢ی ئەپریلی ٢٠٢٢

بەردەوام بە جلی مەلایەتییەوە دەردەکەوێت، پیاوێکی زانا لە بواری ئایینیدا، قسەخۆش و وەرگێڕێکی بەتوانا، زۆرێک لە خوێندەوارانی کورد لە باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان لەڕێگەی وەرگێڕانی رۆمانە بەناوبانگەکەی ڤیکتۆر هیگۆ بەناوی (بێ نەوایان) بۆسەر زمانی کوردی ئاشنایەتیان لەگەڵ مەلا محەممەدی شەڵماشی پەیدا کردووە.

لەماوەی ژیانیدا لەگەڵ زۆر سەرکردە، نووسەر و مامۆستای ئایینیيە بەناوبانگەکان ئاشنایەتی پەیدا کردووە، بەتایبەتی هێمن و هەژار، ئەگەرچی ئەو پێیوایە هەژار زاناتر بووە لە هێمن، بەڵام هێمنیشی بەلاوە شاعیرێکی بالایە، وەکو خۆی بۆی گێڕامەوە، جارێک لە سلێمانی هێمن و چەند کوردێکی دیکەی رۆژهەلات میوانی دەبن، لە باخچەی ماڵەکەیاندا دەیانحەوێنێتەوە، مامۆستا هێمن دیمەنەکەی پێ جوان دەبێت، بەڵام لەبەرخۆیەوە دەڵێت: حەیف ئەم ماڵە بۆ ماڵە مەلا نابێت؟ مەلا محەممەد تێدەگات مەبەستی چییە، ئاخر من دەمزانی هێمن ئەرەقخۆرە، مەبەستی ئەوە بوو باخچەکەی من ماڵی ئارەق خواردنەوەیە و منیش دوورم لەو شتانە.

**لە چەند ئەڵقەیەکی بەرنامەی پەنجەمۆردا میوانداری مامۆستامان کردووە و دواندوومانە، وەکو دەڵێن سینەی خۆی بۆ کردینەوە، لەم ئەڵقەیەدا باسی چەندین بابەت دەکات لە نێویاندا:**

– هۆکاری رووخاندنی کۆماری کوردستان.

– رۆڵی حوجرەکان لە پاراستنی فەرهەنگی کورد، فێرکردنی خوێندن و نووسین لە کوردستاندا؟

– ئایا حیزبی توودە لە کوردستاندا برەویان هەبوو؟ کێ بوون ئەوانەی نوێنەرایەتی حیزبی تودەیان دەکرد لە کوردستاندا؟

– باسی مەلا ئاوارە، چۆنیەتی شەهید بوونی. شای ئێران داوای چی لە مەلا ئاوارە کردووە؟

– مەلا ئاوارە چۆن وەڵامی مەلا محەممەدی برای دەداتەوە، کاتێک داوای تەسلیمبوونەوەی لێ دەکات؟



سەرچاوە
Serchawe

**مامۆستا مەلا محمد شلّماشی**

**– بۆچی لە ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی نیشتەجێ دەبێت و ئیدی روو ناکاتەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟**

**– بۆچی دەبێت کورد شانازی بە سەلاحەدینی ئەیوبییەوە بکات؟**

**ئەمانە و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی مێژوویی لە پەنجەمۆردا، شایەتیان لەسەر دەدرێت و مەلا محەممەد راشکاوانە وەڵامیان دەداتەوە.**

---

**مەلا محەممەدی شەڵماشی – بەشی دووەم**

**١٦ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

**مەلا محەممەدی شەڵماشی جگە لەوەی مەلایەکی ئاینییە، کەسایەتییەکی فەرهەنگیشە، ئەو لەڕێگەی وەرگێڕانی کتێبە بەناو بانگەکەی "ڤیکتۆر هیگۆ" بەناوی بێ نەوایان وەکو وەرگێڕێک ناوبانگی دەرکرد، بۆیە شتێکی نامۆ نییە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نووسەران و شاعیران بەتایبەتیش مامۆستا هێمن و هەژاردا هەبووە .**

**لەم بەشەی بەرنامەکەدا بەسەرهاتێکی سەرنجڕاکێشی خۆی و مامۆستا هێمن دەگێڕێتەوە کە بەڕێکەوت لە بەغدا دەبن. ژنەکەی خاڵە شیهاب سەردانی ئەندامانی حیزبی دیموکرات دەکات کە مامۆستا هێمنیشیان لەگەڵدا دەبێت، بەدەم گریانەوە داوا لە کەریمی حیسامی کە پەیوەندی لەگەڵ سەفارەتی سۆڤیێت باش دەبێت، دەکات هەوڵ بدەن خاڵە شیهاب لە پەتی سێدارە رزگار بکەن کە مامۆستا هێمن ئەو دیمەنە پڕ تراژیدیایە دەبینێت، شیعرە بەناوبانگەی خۆی بۆ ئەو ژنە دەنووسێت و ئاوا دەستپێدەکات:**

**ئەگەرچی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر**<br>
**کە وا ئەمشەو سەری هەڵدا لە ناخمدا خەمێکی تر**

**مەلا محەممەدی شەڵماشی لە درێژەی بەرنامەکەدا شایەتی لەسەر چەندین بابەتی دیکە مێژوویی دەدات:**

**– بۆچی لە کۆتایی شەستەکاندا روو لە باشووری کوردستان دەکات و ناگەڕێتەوە بۆ سەردەشت؟**



سەرچاوە Serchawe

– باسی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ژەنەڕاڵ بارزانی، دکتۆر قاسملۆ و مامۆستا هێمن و هەژار دەکات؟

– بۆچی هەژاری پێ زانایە، بەڵام لە چێشتی میجێورەکەی ناڕازییە؟

– بۆچی رەخنە لە بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی دەگرێت؟

– هێمن بە دەرکردنی گۆڤاری سروە، هێندەی ئەو هەموو ساڵەی لەناو دیموکراتدا بوو، خزمەتی کرد!

– تەریقەتی قادری و نەقشبەندی کامیان خزمەتی زیاتری بە کورد کردووە؟

– بۆچی مەولەوی لە نالی پێ شاعیرترە؟

– شێخ رەزا نەبوایە، کەلێنێک لە ئەدەبیاتی کوردیدا دەبوو؟

**ئەمانە و چەندین بابەتی دیکە شایەتیان لەسەر دەدرێت.**

---

## مەلا محەممەدی شەڵماشی – بەشی سێیەم

**٢٣ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

مەلا محەممەدی شەڵماشی جگە لەوەی مەلایە، کەسایەتییەکی کولتووریشە، ئەو لەڕێگەی وەرگێڕانی کتێبە بەناوبانگەکەی ڤیکتۆر هیگۆ بەناوی بێ نەوایان وەکو وەرگێڕێک ناوبانگی دەرکرد، بۆیە شتێکی نامۆ نییە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نووسەران و شاعیران بەتایبەتیش مامۆستا هێمن و هەژاردا هەبووە. لەم بەشەی بەرنامەکەدا باسی دیدارەکانی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانی دەکات، کە لە گەڵاڵە چۆن پێشوازیان لێکردووە؟ بۆچی چەندین جار لەگەڵ شێخ محەممەد قەرەداخی گوتاربێژی پێشووتر لە سلێمانی سەردانی سەددام حسێنیان کردووە؟ لەسەر پەیوەندی شیعە و سوننە و ناکۆکییە مێژوویەکانیان چی دەڵێت؟ بۆچی پێی وایە رژێمی پاشایەتی ئێران لە کۆماری ئیسلامی ئێران باشتر بووە بۆ کورد؟



سەرچاوە
Serchawe

## مەلا محەممەدی شەڵماشی – بەشی چوارەم

**٣٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢**

لەم بەشەی بەرنامەکەدا باسی ئاین و کۆمەڵگە دەکات، لەسەر کتێبی رشتەی مرواری قسەدەکات و بە کتێبێکی گرنگ وەسفی دەکات. مامۆستا ماوەیەکی زۆرە لە ئەوروپا دەژی، بەچی ئەوروپییەکان سەرسامە؟

باسی کەسایەتی ئاینی گەورەی کورد مەلا عەبدوڵلای بێتووشی دەکات، هەروەها باسی مامۆستا مەسعود محەممەد دەکات. دەربارەی سیستمی پاشایەتی لە ئێران قسە دەکات و لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێستا بەراوردیان دەکات. لەسەر هەردوو کەسایەتی ئایینی کورد کاک ئەحمەدی موفتی زادە و شێخ عیزەدینی حوسێنی قسە دەکات. وەڵامی مامۆستا لەسەر داواکردنی ئێران بۆ گەڕانەوەی بۆ سەردەشت چی بووە؟ بۆچی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٨٨ دستگیردەکرێت.

---

**بەشێک لە بەرهەم و کتێبەکانی مەلا محەممەدی شەڵماشی :**

- وتاری رەمەزان
- کۆڕی ئامۆژگاری
- شەرحی سەبعەی موعەلەقە
- دیمەنی مەرگ
- خەرمان لۆغە
- سەوزە و میوەی شیفا بەخش
- رۆمانی بێنەوایان (وەرگێڕان)
- هەگبەی شەڵماشی
- داستانەکانی قورئان
- با سەر لە نوێ پێغەمبەر بناسین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیاڕەنگ - رێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٤

# (کۆچی دوای مامۆستا مەلا محمد شڵماشی)



عەبدوڵڵا کەریمی

مامۆستا مەلا محمد شڵماشی بەجگە لەوەی کە بە بنەماڵە تێکۆشەرو کورد پەرورو شەهید پەدوەر بون و، برای شەهیدی سەرکردە مەلا ئاوارەوەو، هەروەها کەسایەتی تێکۆشەرو ماندوینەناس و ناسراوی گەلەکەمان کاک مستەفا شڵماشی بوو،

خۆشی مامۆستایەکی نیشتمان پەروەرو کورد پەروەر بوە، نوسەرێکی بەتوانا لەهەمو بوارەکاندا، هەم خزمەتی بە ئاینی پیروزی ئیسلام کردوە، هەم بە زمان و ئەدەبی کوردی،

مامۆستا خاوەنی ئەم هەمو بەرهەمە بە نرخانە بوە،

وەک:

مەجلسی ئەولیا.

تیشکی مینبەر.

**مامۆستا مەلا محمد شڵماشی**

دەنگی مینبەر.

وتاری ڕەمەزان.

کۆڕی ئامۆژگاری.

مەجلیسی ئامۆژگاری.

ئاوێنە مەسنەوی جەلالەددینی ڕۆمی.

شەرحی سەبعەی موعەلەقە.

دیمەنی مەرگ.

خەرمان لۆغە.

خاپەرۆ.

سەوزەو میوەی شیفا بەخش.

ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان.

بێ نەوایان.

هەگبەی شەڵماشی.

ئێش و ئازارەکانی مەلا صدرددین.

داستانەکانی قورئان.

با سەر لە نوێ پێغەمبەر بناسین.

تەرجومەی فتح الربانی شێخ عبدالقادری گەیلانی.

بەشبەحاڵی خۆم سەروخۆشی و هاو خەمی خۆم بە کاک مستەفاو، تێگڕای بنەماڵە بەرێزەکەیان و، ئازیزان و خەمخۆرانی بە گشتی دەڵێم و، خۆم بە شەریکی خەمیان دەزانم،


روحی مامۆستا شادبێت، ناوی هەر بە زیندوی دەمێت،

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆچیدوایی، زانای ئایینی و نووسەری دیاری کورد، مامۆستا مەلا محەممەد شڵماشی




**شۆڕش ئەسەدزادە**

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ئەمشەو ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٣ی هەتاوی، مامۆستا محەممەد شڵماشی برا گەورەی شەهید مەلا ئاوارە و کاک مستەفا شڵماشی، لە سیما ناسراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سلێمانی بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچیدوایی کرد. مامۆستا محەممەد پیاوێکی ئایینی زانا و ئەدیب بوو. نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز و زانایەکی دینیی بەهرەمەند بوو. جەنابیان زیاتر لە سی کتێبی دینی، ئەدەبی و کۆمەڵایەتی نووسیوە یان وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لە بواری دینیدا زانایەکی ئیسلامیی ڕووناکبیر و نووسەر و لێکۆڵەر بوو کە دەیان کتێبی لە لێکدانەوەی ئایینیدا هەبووە و لە بواری نەتەوەیی و ئەدەبی هونەرییشدا دەیان کتێبی نووسیوە یان وەریگێڕاوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارە بۆ کۆچیدوایی نووسەر و زانای بەناوبانگ مامۆستا محەممەد شڵماشی، پرسە و سەرەخۆشیی لە ماڵبات و کەسوکاری ئەو نەمرە دەکا و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٤

## بێگومان ناو و ئاسەوارەکانی مامۆستا لە هزری گەلەکەیدا تا هەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە.




**تاهیر قاسمی**

مامۆستا مەلا محەممەدی شەڵماشی لە ڕیزی ئیبنولحاج و مەلا عەبدوڵای بێتووشی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و گەورە مامۆستایانی تری مێژووی کوردستاندا، عەللامەی سەردەمی ئێمە بوو کە بەداخەوە ئەمڕۆ کۆچی دوایی کرد. بێجگە لەوە مامۆستا تێکۆشەری خەباتی نەتەوەیی، ئۆگری ڕێبازی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نووسەر، وەرگێڕ و شارەزایەکی لەزەبری ئەدەبی کوردی، فارسی و عەرەبیش بوو. ئەو هەروەها برا گەورەی ڕێبەری شەهید مەلا ئاوارە و کاک مستەفا شەڵماشی بوو.

**مامۆستا مەلا محمد شلْماشی**

**بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو مامۆستا گەورەیە سەرەخۆشی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی بە تایبەت هاوڕێمان کاک مستەفای شەڵماشی و سەرجەم ئازیزانی دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمیان دەزانم.**

**بێگومان ناو و ئاسەوارەکانی مامۆستا لە هزری گەلەکەیدا تا هەتایە بە نەمری دەمێنێتەوە.**

**ڕەوانی مامۆستا مەلا محەممەدی شەڵماشی شاد و جێگای ئەو بەهەشتە بێ کە لە قووڵایی دڵەوە باوەڕی پێی هەبوو و لە پێناو گەیاندنی مرۆڤایەتی بەتایبەت مرۆڤی کورد پێی، بەوپەڕی دڵسۆزی و سەداقەتەوە تێکۆشا.**

-----

**تا گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەم لە مامۆستا مەلا محەممەدی شەڵماشی نەبیستبوو، زۆر جێگای شێعری «عیشق و ئازادی»یم بۆ لێک نەدەدرایەوە. بۆ وێنە؛**

**- نەمدەزانی مەبەستی مامۆستا هێمن لە «جەنابی شێخ» کێیە؟**
**- نەمدەزانی ئاخۆ ئەوە گاڵتەیە یان پەسنی شێخە؟**
**- نەمدەزانی پێوەندیی ئەو شێعرە لەگەڵ «فرمێسکی سەر ڕوومەتی کیژی دڵشکاو» چییە؟**
**- کیژی «دڵشکاو» کێیە؟**
**- مەبەستی لە «زین و مەمی سەردەم» ئەوینی نێوان کام کچ و کوڕی کوردە؟**

**ئەوانە و زۆر شتی دیکەی شێعرەکەم نەدەزانی و قەتیش نەمدی کەسێ پرسیاریان بخاتە سەر یان ڕوونیان بکاتەوە تا مامۆستا بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە گرێی شێعرەکەی بۆ کردینەوە؛**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# ڕاخوشینی ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەب



**ڕەحمان حەسەنزادە**

ئەستێرەیەکی تر لە ئاسمانی وێژە و ئەدەبی کوردی ڕاخوشی، کە شوێن پەنجەی بە ڕۆشنبیری و سەقافەتی کوردییەوە دیار و بەرچاوە. ئەوکەسەی لە هەر لایەک لێی دەڕوانی لە لووتکەدا بوو و بە بەرزی دەمێنێتەوە.

خوالێخۆشبوو مەلا "محەممەد شڵماشی" برا گەورەی شەهید مەلا "ئەحمەد شڵماشی" ناسراو بە "مەلا ئاوارە"یە. شەهید مەلا ئاوارە لە ساڵانی دەیەی چلی هەتاوی وەک پێشمەرگە و سەرکردەیەکی لێوەشاوە و جێی متمانە لە ناوچەکانی دەورووبەری سەردەشت چالاکیی سیاسی هەبوو .جێی ئاماژەیە کە ناوبراو ئەندامی کومیتەی ساغکەرەوەی حیزبی دیمۆکرات بوو. بەداخەوە بە پێی پیلانێکی لەپێشدا داڕێژراو لە گوندی "دیواڵان" دەرمان داو کرا و لە گەڵ دوو خەباتکاری هاوڕێی خۆی گیران و لە شاری سەردەشت لە لایەن جەلادەکانی ڕژیمی شا تیرەباران کران.

خوالێخۆشبوو مەلا محەممەد شڵماشی کەسایەتییەکی ناسراو و ماندووەناس بوو لە بواری زانستی ئیسلامی و نووسین، وەرگێڕان و شێعر دا. ناوبراو بەسەر زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی دا زاڵ بوو و کاتی خۆی لە وڵاتی فنلاند کەڵکێکی باشی لە کتێبخانەکانی ئەوێ وەرگرت.

## ڕاخوشینی ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی ئەدەب

### مامۆستا مەلا محمد شڵماشی

بۆن و بەرامەی نوسراوەکانی سنوور و مەتەرێزی وڵاتانیان بڕیووە و گەلی کورد شانازی بە بوونی ئەو گەورە پیاوەوە دەکا. بەداخەوە دڵە دڵسۆزەکەی مامۆستا ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی سەرماوەز (٥ - ١٢ - ٢٠٢٤) لە لێدان کەوت.

بە بۆنەی کۆچی مامۆستا شڵماشی لەگەڵ تێکرای نووسەران و ئەدەبدۆستان، خزم و نزیکانی هاوخەمم و لە ناخی دڵەوە سەرەخۆشی لە گشت لایەک بەتایبەت ڕێزدار کاک مستەفا شڵماشی دەکەم.

**گیانی ئارام، یادی بەخێر و ناوی بە نەمری وەمێنێ.**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە Serchawe

## ڕۆحی مامۆستا مەلامحەممەدی شەڵماشی شاد و یادی هەرمان.



**ئەحمەد شێربەگی**

زۆر بەداخەوە ئاگادارم کرام زانای ئایینی، نیشتمانپەروەری کوردایەتی، نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا و کەسایەتیی دیاری کوردستان مامۆستا مەلا محەممەدی شەڵماشی ڕۆژی پێنجی مانگی دیسامبری ٢٠٢٤ی زاینی لە شاری سلێمانی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

مامۆستا مەلامحەممەد بە هۆی بارودۆخی ئەوکاتی باشووری کوردستان ساڵانێکی زۆر لە ژیانی خۆی لە تاراوگەیی لە وڵاتی فینلاند بردە سەر، یەکەمجار کەلەشاری سلێمانی چوومە خزمەت ئەوزاتە ساڵی ١٩٨٢ بوو، هەر ئەودەمە لە لووتکەی بەرزی نیشمانپەروەریی،لە زانست و مەعرەفە و لە دەریای ئەدەب ووێژەی ناوبراو گەیشتم .مامۆستا مەلاحەمەد خاوەنی دەیان پەرتووکە کە وەریگێڕاتەوە سەرزمانی کوردی یان نووسیوێنی ...

## مامۆستا مەلا محمد شڵماشی

مامۆستا مەلامحەمەد برا گەورەی شەهیدی نەمر مەلائاوارەی بەناوبانگە کە لە بزووتنەوەی چەکداری سالەکانی ٤٦ - ٤٧ دا دووڕکەی ئارامی شای قەدەر قودرەتی شلەقاند ودوایی گیراو ئێعدام کرا.

هەروەها هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا شەلماشی ئەندامی ڕێبەریی پێشووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش لەژێر ڕێنوێنیەکانی براگەورەی مامۆستا مەلاحەممەددا پێگەیشت.

بەم بۆنەوە لەناخی دڵمەوە سەرەخۆشی لە کەسو کارەکەی، لە هاوژینی ، لە کوڕو کچەکانی وهەروەها لە هاوڕێ کاک مستەفای برای دەکەم و خۆم بە بەشداری خەمیان دەزانم

ڕۆحی مامۆستا مەلامحەممەدی شەڵماشی شاد و یادی هەرمان.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆچی دوایی مامۆستایەکی نشتیمانپەوەر و خۆشەویست



**مەجید حەقی**

بەداخەوە دڵی مامۆستا محەمەد شەڵماشی زانای ئایینی و کەسایەتی نشتیمانپەوەر لە شاری سلێمانی لە لێدان کەوت. مامۆستا مرۆڤێکی قسەخۆش، هێمن و پڕ بوو لە ویست و ئاوات. یەکەم جار کاتێک کە مامۆستا هاتبوونە فینلاند شانازی ئاشناییم لە گەڵ پەیدا کرد و لە تایپ و ویرایشی دوو پەرتووکیدا بەشداریم کرد. هەموو جارێ کە شانازی ئەوەم دەبوو لە خزمەتی دا بم، وتەکانی پڕبوون لە هیوا و بوێری. وەک مامۆستایەک و ئیسلام ناسێک ئەو پێی وابوو دەبێ موسوڵمانەکان زۆرترین لایەنگری سیستەمی پلۆرالیستی و دیموکراسی بن، بە هۆی ئەوەی کە ئیسلام خاوەنی چەندین مەزهەب و بۆچوونی جیاوازی ئایینیە و هەر مەزهەبێ و بۆچوونێک بە شێوەی خۆی ئایین و جێبەجێ کردنی تەفسیر دەکات و حکوومەتی دینی ناتوانی نوێنەرایەتی هەموو خەڵکی موسوڵمان بکات و تەنیا نوێنەرایەتی بۆچوونێکی تایبەتی دەکات. لەو ماوەیەی کە لە فینلاند بوو لە زۆر گفتگۆی نێوان ئایینەکان و ئاشتی کۆمەڵایەتی بەشداری کرد و هەوڵێکی زۆری دا بۆ سازکردنی دیالۆگ و پردی نێوان ئایینەکان و ئاشتی کۆمەڵایەتی.

**مامۆستا مەلا محمد شڵماشی**

مامۆستا مرۆڤێکی قسەزان، مێژووناس بوو و هەمووجارێ گەر باسێکی دەکرد بە چیرۆکێکی خۆش دەگێرایەوە.

کۆچی دوایی ئەو مرۆڤە گەورەیە بە بنەماڵەی بەرێزیان بەتایبەت کاک کەماڵ شەڵماشێ و بە بەرێز مامۆستا مستەفا شەڵماشی برای بەرێزی مامۆستا و هەموو خەڵکی کوردستان سەرەخۆشی دەکەم. بەو هیوایە ئاواتەکانی مامۆستا و هەموو خەباتگێران و نشتیمانپەروەران وەدی بێت.

**ڕوحت و شاد و ئارام بێ و یادت هەتا هەتایە زیندوو بێ مامۆستای هێژام**

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# مـامۆستا مەلا موحەممەد شەڵماشی کۆچی دواییکرد



إنا لله وإنا إليه راجعون

کاروان عبدالله

بەنـاوی پەیجی وێـنە کۆنەکـانی سلێمانییەوە سەرەخۆشی لەخۆمـان و بنەمـاڵەو سـەرجەم خەڵکی کوردسـتان دەکەیـن بـۆ لەدەستدانی ئەم زانا ئاینی و نوسەرە بەتوانایەی نەتەوەکەمان کە ساڵانێکی زۆر نیشتەجێی سلێمانی بوو.

* نـاوی موحـەممەد کـوڕی حـمە ئەمینی کـــوڕی موستەفایــە، لــە سـاڵی (١٩٣٧) لـە گونـدی (شـەڵماش) سـەر بەشـاری (سەردەشت) لـە دایک بووە و سەر بـە هۆزی هـەمەوەنـــدە..

* لـە تەمەنی شەش حەوت ساڵیەوە لە خزمەت باوکیدا خـــوێندووە،:

- قورئانی پیرۆز.
- سمایل نامە.
- باغەبان.
- بیاداود.
- گوڵستان.
- بوستان.
- (ئاگەهان)یی.

کە هەموو کتێبی ئەدەبیـن ، پـاشان ئیتر دەستی کردووە بـە گەڕان بە ناوچەکانی ئێران و عێراقدا، لـە سـاڵی (١٩٤٧) چـۆتە گوندی (هەنداوێ)لـە خزمەت مامۆستا(مەلا حەسەنی سێ سێری) و پاش مودەتێ چۆتەوە نـاوچەی (سەردەشت) بـــۆ خزمەت مامۆستا (مەلا ڕشید ئەواخیری) پاشان چۆتـە (هەنـاوێ) بۆ خزمەت مامۆستـا (سـەید جلال)کـە ئەو دەمە موستەعید بووە، پاشان چۆتە خزمەت (شێخ عیـزەددین) بـۆ گونـدی (کـانی ڕەش)،، پاشـان چـۆتە (بـۆکان) بـۆ خزمەت مامۆستا(مەلا صدیق ئاخ کەندی)..

* پــــاشان ئـەم مامۆستا بەڕێزە لـەگەڵ مامۆستایـەکی بـرادەری بەنـاوی (مەلا ئەحمەدی بـاڵەکی) بـەپێ لـە بۆکـانەوە هاتوون بـۆ سەدەشت و لەوێشەوە بۆ ڕانیـە و لەوێشەوە بەچەنـد گونـد و دێهـاتەوە چوونەتە دەشتی کۆیە و پاشان دواجـار چۆتە گوندی (میرزا ڕۆستەم) و لە لای (مەلا عومەری وانەیی) کە موستەعید بووە هەندێ کتـێب دەخوێنێ و دوو سێ مانگ دەمێنێتەوە..

* پاشان چۆتـە گونـدی (جلّدیـان) لە نزیک (نەغەدە)کـە دەکـەوێتە نێوان (شنۆ) و (مهابـات) بـۆ خزمەت مامۆستا (مەلا عبدالقادری عەبباسی) و کتێبی (جامی)لـە خزمەتیدا خوێندووە، پاشـان چۆتە (سەردەشت) بــۆ خزمەت مامۆستـا (قـازی علی) کتێبی گلنبووی ئاداب و عبدالله یزدی لـە خزمەتـدا خوێندووە ، پاشـان چۆتـە گونـدی (دولکـان) بـۆ خزمەت مامۆستا (مەلا علی مەحموودی) کتێبی (مختصری) لـە لا خوێندووە، پــاشان چۆتە گوندی (گەنـاو) بۆ خزمەت (مەلا صالحی نەجیب زادە) کتێبی (جمع الجوامع) و (شەرحی تەهزیب)ەکەی شێخ عبدالقادری موهـاجیر... پـاشان چـۆتە بـۆ دواجـــار چـۆتەوە خزمـەت مامۆستا (قازی عەلی) و کتێبی (گلنبوی بورهان) و (تشریح الأفلاک) و (رسالە الحساب) پـاش تەواو کردنـی ئـەم کتێبانە ئیجازەی مەلایەتی پێدەدا کە ساڵی (١٩٥٧) دەکات..

## مامۆستا مەلا محمد شلّماشی

* ئەم زاتە دەستی کردە کاری مەلایەتی و سەرەتا لە چەند گوندێکدا بوو پاشان چۆتە سەردەشت و پاشان بە هۆکاری شەهید کردنی (مەلا ئاوارە)ی برای و گرتنی (مەلا مەحمووی) برای ژیانی ئەمیش دەکەوێتە ترسناکی و دوورە ئەمنی بۆیە (ئێران) جێدەهێڵێ و ڕوو دەکاتە ئەم دیو (عێراق) و دەچێتە سلێمانی لە ڕێی (مامۆستا مەلا عبدالله) بێژوێ وە دوای تاقیکردانەوە دەردەچێت بۆ مزگەوتی(عومەری کوڕی خەتاب) و دەبێتە مەلای ئەوێ مانگی بە سێ دینار و نیو..

* پاشان دوایی (مەلا کاکە حەمەی ڕەباتی) لە ڕێگەی (شێخ موحەممەدی خاڵ) ەوە لە (خانەقای مەولانا) دادەمەزرێ، دوایی (١٠) ساڵ مانەوە خۆیی نەقڵ دەکاتە (مزگەوتی حەمە صاڵح بۆسکانی) و لە ساڵی (١٩٩٢) خانەنشین دەکرێ..

* **مامۆستا خاوەنی چەندین نوسین و بەرهەمی بەنرخ و بەسوودە وەک:**

- مەجلسی ئەولیا.
- تیشکی مینبەر
- دەنگی مینبەر.
- وتاری ڕەمەزان.
- کۆڕی ئامۆژگاری.
- مەجلیسی ئامۆژگاری.
- ئاوێنە مەسنەوی جەلالەددینی ڕۆمی.
- شەرحی سەبعەی موعەلەقە.
- دیمەنی مەرگ.
- خەرمان لۆغە.
- خاپەرۆ.
- سەوزەو میوەی شیفا بەخش.
- ڕۆمانی بێ سەرپەرشتان.
- بێ نەوایان.
- هەگبەی شەڵماشی.
- ئێش و ئازارەکانی مەلا صدرددین.
- داستانەکانی قورئان.
- با سەر لە نوێ پێغەمبەر بناسین.
- تەرجومەی فتح الربانی شێخ عبدالقادری گەیلانی .



سەرچاوە
Serchawe

**مامۆستا ساڵانێکی زۆر بوو لە وڵاتی فنلەندا نشتەجێ بوو، ساڵانە سەردانی سلێمانی ئەکردەوە.**

**تێبینی: ژیاننامەکەی کاروان عبداللە نوسیویەتی.**

**سەرچاوە: وێنە کۆنەکانی سلێمانی - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# کۆچی دوایی ڕووحانییەکی نیشتمانپەروەر




**ناوەندی ئیداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران**

بەداخەوە ئاگادار بووین کە ڕۆژی چوارشەممە ١٤ لەسەر ١٥ - ٩ - ١٤٠٣ (بەرامبەری ٤ لەسەر ٥ - ١٢ - ٢٠٢٤ی زایینی) زانای نیشتمانپەروەری ئایینی حاجی مەلا موحەممەدی شڵماشی لە شاری سلێمانیی هەرێمی کوردستان کۆچی دوایی کردوە و داخێکی گرانی لەسەر دڵی ئەندامانی بنەماڵەکەی و زانایانی ئایینی و هەموو دۆستان و ئاشنایانی بەجێ هێشتوە.

مامۆستا مەلا موحەممەد برا گەورەی تێکۆشەری بەناو بانگ مەلا ئاوارەی شەهید و تێکۆشەری ناسراوی دێموکڕات کاک مستەفای شڵماشی بوو ولە تەواوی ژیانیدا لەگەڵ ئامانجەکانی حیزب بوو و پەیوەندییەکی پتەو و نیزیکی لەگەڵ ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە هەبوو.

حاجی مامۆستا ماوەیەکی کەم دوای ئیعدامی مەلا ئاوارەی شەهید لەدەست ئەزیەت و ئازاری دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ڕۆژهەلاتی کوردستانی بەجێهێشت و لە شاری سلێمانی گیرسایەوە. ساڵانێکی زۆر وەک وتارخوێن و پێشنوێژی

**مامۆستا مەلا محمد شلّماشی**

مزگەوتەکانی ئەم شارە مایەوە و پێگەیەکی پتەوی لە نێو خەڵک و زانایانی و تێکڕای پیاوە ئایینییەکان هەبوو کە دەکرێ بڵێین هەموو زانایانی ئایینی ئەو شارە خۆشیاندەویست. لە ساڵەکانی دواتردا وەک پەنابەر لە وڵاتی فێنلاند و دواتر وڵاتینامەشی وەرگرت، بەڵام هەمیشە دڵی لە کوردستان بوو و تەنانەت ساڵانە زیاتر لە شەش مانگ هەر لە سلێمانی دەژیا.

مامۆستا شلّماشی جگە لە ئەرکە ئایینییەکانی خەریکی کاری ئەدەبییش بوو و چەندین کتێبی بە نووسین و وەرگێڕان بڵاو کردەوە کە پێشوازییەکی زۆریان لێکرا. هەرلەو بوارەدا دیوانە شێعرێکیشی بڵاو کردەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران بۆ لەدەستدانی نیشتمانپەروەرێکی گەورەی وەک مامۆستا شلّماشی زۆر بەداخە و بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی بەتایبەتی هاوڕێی تێکۆشەر کاک مستەفا شلّماشی دەکا و سەبووری و تەمەنی درێژ بۆ هەمووان بەئاوات دەخوازێ. ڕووحی مامۆستا شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ.

ناوەندی ئیداری حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

١٥ - ٩ - ١٤٠٣ (٥ - ١٢ - ٢٠٢٤)

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٤**

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٣٤ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٥ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe


ماڵئاوایی
مامۆستا مەلا محەممەدی شڵماشی
ئەدیب و زانای بەناوبانگی ئاینی و نوسەر و وەرگێڕ
ڕەحمان نەقشی



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێیان بۆ ئامادەکردنی  نووسراوە و هاوخەمی بۆ ماڵئاوایی زانای ئایینی و نووسەری دیاری کورد، مامۆستا مەلا محەممەد شڵماشی. رووح و رەوانی  شاد بێت.**

**دەستی نووسەرانی  نامیلکەکەش خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

